

## عەتا ڕۆحی خۆی لێی عاجزە

هونەرمەنـــد عەتـــا قەرەداغـــی ســـەرقاڵی کلیپکردنـــی گۆرانی (ڕۆحی خۆم لێم عاجـــزە)و لەئایندەیەکی نزیکدا لەکەناڵەکانەوە بڵاودەکرێتەوە.

قەرەداغی لەلێدوانێکدا بۆ گۆڤاری ئاوێنەکان ڕایگەیاند ئەو گۆرانییەی لەهۆنراوەی (مستەفا بەگی ساحێبقڕان)و میلۆدی خۆیو دابەشکردنی ڕوزبە موسڵیحەو لەئایندەکی نزیکدا لەکەناڵەکانەوە بڵاودەکرێتەوە.

## کاروانو ڤین تیڤی پێکەوە



هونەرمەند کاروان کامیل ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی (هێلین).

کاروان بەئاوێنەکانـــی ڕاگەیاند بەهاوکاری لەگەڵ کەناڵی ئاســـمانی ڤین گۆرانی (هێلین) لەشاری دهۆکو دەوروبەری کلیپ دەکات. ئەم گۆرانییە یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئەلبومی (ژ دل بۆ دل).

## شەرابێک لەگۆرانی خەلیل



وا بڕیارە لەجەژنی نەورۆزی ئەمســـاڵدا ئەلبومە نوێیەکەی هونەرمەندی کوردســـتانی ڕۆژهەڵات، خەلیلی مەولانایی بڵاوبکرێتەوە.

(شـــەرابێک لەگۆرانی) ناوی ئەلبومـــە نوێیەکەیەو یانزە گۆرانـــی لەخۆگرتووەو بەوتەی خەلیل مەولانایی بۆ گۆڤاری ئاوێنەکان، ماوەی دوو ساڵە کاری تێدا دەکاتو بڕیارە لەلایەن کیژێ میوزیکەوە بڵاوبکرێتەوە.

## شڤان دوو کلیپی نوێ دەکات



هونەرمەندی گۆرانیبێژ شـــڤان پەروەر گۆرانییەکی نوێی کلیپکردو لەئایندەدا کلیپێکی دیکەش دەکات.

شڤان لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەکان رایگەیاند کە لەم ماوەیەدا بەهاوکاری کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک، گۆرانی (مامۆســـتا گیان)ی کلیپکردووەو لەئایندەشـــدا گۆرانییەکی دیکە کلیپ دەکات.





## ئەلبومەکەی دەشنێ هەشت گۆرانییە

ئەلبومەکەی کچە گۆرانیبێژ دەشنێ لەئایندەیەکی نزیکدا لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک، چاپو بڵاودەکرێتەوە.

ڕێکخەری گشـــتی کاروبارەکانی کۆڕەک، عیسا مێرگەسوری لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەکان ئاشـــکرایکرد کە ئەلبومەکەی دەشنێ، نـــاوی (هێلا هۆپ)ەو هەشـــت گۆرانی لەخۆگرتـــووەو بەمزوانە بڵاویدەکەنەوە.

## دەلال چی نازانێت؟

گۆرانیبێژی کرمانجی ژوورووو دەلال زاخۆیی سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەناوی (ئەز نزانم) کە تێکستو میلۆدی خۆیەتی.

لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەکان دەلال ڕایگەیاند کە دوای تۆمارکردنی ئەو گۆرانییە، ســـەرقاڵی کارکردن دەبێت لەئەلبومێکی نوێدا کە هەشـــت گۆرانی لەخۆدەگرێتو دوو گۆرانیشـــی بەزاری سۆرانی تێدایە.